# زەنگ

www.zengkurd.net

یەکەمین هەفتەنامەی ئازادە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی گەرمیاندا

هەفتەنامەیەکی گشتیی ئازادە لە گەرمیان دەردەچێت

خاوەن ئیمتیاز: سامان گەرمیانی
سەرنووسەر: سامان کەریم
جێگری سەرنووسەر: فاتیح سەلام
بەڕێوەبەری نووسین: نیشتمان بێنەوا

ساڵی چوارەم ژمارە (١٤١)

دووشەممە

٣١-٨-٢٠٠٩ز بەرامبەر ٩-٦-٢٧٠٩ ك

دوو ڕۆژنامەیە لە ڕۆژنامەیەکدا

٢٥٠ دینارە


## گەڕەکێکی کفری لە پیس و پۆخڵیدا، پێی ئەوترێت (مۆزەنبیق)!

بڕوانە لاپەڕە ٢



### زەنگ، وردەکاری گۆڕانکاری لە پۆستە حکومییەکانی گەرمیاندا بڵاودەکاتەوە

# ڕەشەبای گۆڕانکاری لە ناو یەکێتیدا، حکومەتیشی گرتەوە

## دەیان بەرپرسی حکومی گەرمیان لە پۆستەکانیان لادەبرێن



له ١٨ ساڵی رابردوودا، یەکێتی گۆڕانکاری لەو چەشنەی لە حکومەتدا نەکردوە

**زەنگ-تایبەت**

**لەگەڵ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتدا، یەکێتی بڕیاری لابردن و گۆڕانکاری لە پۆستە حکومییە نزمەکانیشدا جێبەجێ دەکات و لەو چوارچێوەیەشدا دەیان بەرپرس و بەڕێوەبەری فەرمانگەی سنوری ئیدارەی گەرمیان دەگۆڕدرێن.**

سەرچاوەیەکی ئاگادار و نزیک لە ناوەندی بڕیارەکانی یەکێتییەوە رایگەیاند لە ئێستا بڕیار لە سەر گۆڕین و لابردنی چەند بەرپرس و بەڕێوەبەرێکی فەرمانگەی حکومی ناوچەی گەرمیان دراوە، بەڵام جێبەجێ کردنەکەی دەکەوێتە دوای پێکهێنانی حکومەتەوە.

ئەو سەرچاوەیە وتی:"گۆڕانکارییەکان لە پۆستی بەڕێوەبەری گشتی و قایمقام و سەرۆک شارەوانییەکان و تەنانەت بەڕێوەبەری فەرمانگەکانیشدا دەکرێن".

بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەستی (زەنگ) کەوتوون لە گەرمیاندا تا ئێستا قسە لەسەر گۆڕینی ئەم کەسانە کراوە لە پۆستەکانیاندا: مامۆستا مستەفا ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان لادەبرێت و مامۆستا دارا دەخرێتە جێگەکەی. قایمقامی قەزای چەمچەماڵ لادەبرێت لە پۆستەکەی. لیوا چەتۆ ساڵح بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان لادەبرێت و لیوا حسێن مەنسور دەبێتە بەڕێوەبەری پۆلیس، هەرچەندە لەچەند ڕۆژی رابردوودا بە بڕیاری کۆسرەت ڕەسول عەلی فەرمانی ئەو گۆڕینە راگیرا بوو، بەڵام بەگوێرەی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو کۆسرەت رەسولیش ڕازی بووە ئەو پۆستە گۆڕانکاری تیادا بکرێت. هەروەها بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی گەرمیان لادەبرێت کەسێکی تر بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان کراوە. بەڕێوەبەری پەروەردەی کفری دەگۆڕدرێت و بەگوێرەی زانیارییەکان هەتا ئێستا کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان نەکراوە. هەموو سەرۆکی شارەوانییەکانی سنوری گەرمیانیش بڕیاری گۆڕانکاری کردنیان هەیە، جگە لە سەرۆکی شارەوانی کفری کە لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە.

سەبارەت بە گۆڕینی سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیانیش سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو رایگەیاند، لە کاتی ئێستادا مەلا سەعید ئەحمەد لە پۆستەکەی دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری تیادا ناکرێت.

سامان گەرمیانی سەرپەرشتیاری مەڵبەندەکانی سنوری گەرمیان کە ئاگاداری نزیکی گۆڕانکارییەکانە وتی:"لابردن و گۆڕینی ئەو پۆستە حکومییانە لەو ڕوانگەیەوەیە کە کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێن. هەروەها پەیوەندی بەوەشەوە هەیە کە ئەو کەسانە ماوەیەکی زۆرە لە پۆستەکانیاندان و ڕەنگە جۆرە کەمتەرخەمیەکیش لە ئەدائی کاریاندا هەبوبێت".

گەرمیانی رایگەیاند کە مەرجی یەکێتی بوون نەکراوەتە پێوەر بۆ پڕکردنەوەی ئەو پۆستانە و یەکێتی بڕیاری داوە کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا دابنێت بۆ ئەوەی خزمەت بە خەڵک بکات و ڕەزامەندی خەڵک بەدەستبهێنێت.

جێی ئاماژەیە بەپێی لێدوانی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی (زەنگ)، لە ١٨ ساڵی رابردوودا یەکێتی گۆڕانکاری لەو شێوەیەی لە پۆستە حکومییەکاندا نەکردوە، بەو پێیەی لەمجارەدا گۆڕانکارییەکە گشتگیرە و کۆمەڵێک پۆستی گرنگیش دەگرێتەوە.

لەلایەکی تریشەوە و لەچوارچێوەی گۆڕانکارییەکانی ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتیدا لە گەرمیان، ڕەشەبای گۆڕین و لابردن و سزادانی کادیران و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی یەکێتی چڕ بوەتەوە و لە ماوەی رابردوودا لە سنوری مەڵبەندی کفری چەندین کەس لە پۆستەکانیان لابراون و چەند کەسێکی تریش "بەهۆی کەمتەرخەمیان لە ڕایی کردنی ئەرکە حزبیەکانیاندا" سزا دراون، کە بەشێکی زۆری ئەو سزادراوانە کادیرانی پێشووی باڵی ڕیفۆرمن.

**لەلاپەڕە ٣دا راپۆرتێک لەسەر گۆڕانکارییە حزبیەکان بڵاوکراوەتەوە**

# بەڕێوەبەری پۆلیسی کفری پلانی تەقینەوەکانی بەغدای داڕشتوە

بڕوانە لاپەڕە (٥)

### داوای ئازاد کردنی ئەندامەکانیان دەکەن

## موجاهیدین دەڵێن:"فەیلەقی بەدر و فارسەکان هاتونەتە سەرمان"

**زەنگ-تایبەت**

**عەبدولڕەحمان مهابادیی بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی موجاهیدینی خەڵق وتی:"سەرەڕای بڕیاری داگای خاڵس کە لە ڕۆژی ٢٤-٨ بڕیاری ئازاد کردنی ٣٦ ئەندامی ئێمەی دەرکردوە، کەچی هێشتا دەست بەسەرن و ئازاد نەکراون".**

مهابادی رایگەیاند کە دۆخی مانگرتووانی کەمپەکەیان زۆر خراپە و بەدووری نازانن کارەساتی مردن لەنێویاندا ڕووبدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرای کرد کە زۆرێک لە کەمپی ئەشرەف بەدەستی پۆلیسی عێراقەوەیە.

ئەندامێکی موجاهیدین لە کەمپی ئەشرەف بەناوی (کیومەرس) وتی:"براکەم ٣ جار لەدیالە نەشتەرگەری بۆ کراوە، ئێستا لەخاڵس لەزینداندایە و دۆخی زۆر خراپە".

ئەو وتیشی:"ئەوانەی هاتنە سەرمان لەفەیلەقی بەدر بوون و پێمان دەوتن ئێمە وەک ئێوە موسڵمانین، وتویانە ئێمە موسوڵمان نین".

پێشتریش ئافرەتێکی موجاهیدین بەناوی (گیسا) ئاشکرای کرد کە هەندێک لەهێرشبەرانی نێو پۆلیس بەفارسی قسەیان پێکردوون، بۆیە گومانی ئەوە ئەکەن پاسداری فارسیان هێنابێتە سەریان.

جێی ئاماژەیە، بە بڕیارێکی دادگا ٣٦ گیراوەکەی موجاهیدینی خەڵق لای حکومەتی عێراق بڕیاری ئازاد کردنیان دراوە، بەڵام تا ئێستا بەرەڵا نەکراون و موجاهیدینیش حکومەتی عێراق بەلەمپەر خستنە بەردەم بڕیاری دادگا تۆمەتبار دەکات.

## نزیکەی ٤٠٠ هاوڵاتی گەرمیانی موعامەلەی سولفەی عەقاریان ڕاگرتوە

**زەنگ-نووسینگەی کەلار**

**بەهۆی ئەو فایزەی خراوەتە سەر سولفەی عەقار، ڕێژەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان موعامەلەی سولفەکەیان راگرتوە و بەرپرسی بەشی عەقار لە بانکی کەلار وتی:"ڕۆژانە خەڵک سەردانمان دەکات بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەو (سوە) ماوە یان نا، و جگە لەوەیش خەڵکێکی زۆر مەعامەلاتەکانیان راگرتووە بەو هۆیەوە".**

دیار ئەحمەد بەرپرسی بەشی وەرگرتنی سولفەی عەقار لە بانکی کەلار رایگەیاند کە بەپێی زانیارییەکانی ئەوان ١٢٠ هاوڵاتی لە کەلار و کفری ئەگەرچی موعامەلەیان پێشکەش کردووە بۆ وەرگرتنی پێشینەی خانوبەرە، ئێستا داوای ئەوە دەکەن رایگرن. بەپێی قسەی ئەو ، هۆکارەکەی ئەو بڕە پارە سوەیە کە دەخرێتە سەر سولفەکە و بە حەرام دانراوە.

وتیشی:"نزیکەی ٥٠٠ هەزار دینار وەک فایز دەخرێتە سەر ئەو سولفەی عەقارە لە کاتی وەرگرتنەوەیدا، کە ئەوەش بە حەرام دادەنرێت لە ئایینی ئیسلامدا".

### ڕونکردنەوەیەکی پێویست لە (زەنگ)ەوە

بەم ژمارەیەوە زەنگ ١٤١ ژمارەی بە بەردەوامی دەردەچێت وەک تاکە هەفتەنامەی سنوری گەرمیان. لەدوای ئەم ژمارەیەوە زەنگ رادەگیرێت هەتا کاتێکی نادیار.

تەنها هۆکاریش بۆ ئەو راگرتنە نەبوونی توانای ماددی و هەروەها کەنارگیری ناوچەی گەرمیانە کە بەهۆی نەبوونی چاپخانەوە، دەرکردنی هەفتەنامەیەک بە توانایەکی ماددی زۆر کەمەوە کارێکی قورس و گرانە.

ئاگاداری خوێنەران ئەکەینەوە کە لەماوەی راگرتنی ڕۆژنامەکەدا، سایتی زەنگ (zengkurd.net) بەردەوام دەبێت.